مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# علاقة المؤرخين مع سلاطين السلاجقة في العراق (٤٤٧ م - ٥٩٠ م / ١٠٥٥ م - ١١٩٤ م)

م.د.أمجد محسن مجيد
كلية طب الأسنان/ جامعة كوفة
amjedm.alzanboor@uokufa@edu.iq
م.م.نوروز علي كاكه أمين
قسم التأريخ/ كلية آداب/ جامعة صلاح الدين-أربيل
Nawroz.kakamin@su.edu.krd
د. تابان صباح بيربال
قسم التأريخ/كلية أداب/جامعة صلاح الدين-أربيل
Taban.perbal1@su.edu.krd

الكلمات المفتاحية: علاقة، المؤرخ، سلطان السلاجقة، التدوين التأريخي.

كيفية اقتباس البحث

مجيد , أمجد محسن , نوروز علي كاكه أمين , تابان صباح بيربال , علاقة المؤرخين مع سلاطين السلاجقة في العراق (٤٤٧ م – ٥٩٠ م / ١٠٥٥ م – ١١٩٤ م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# Historians' Relations with the Seljuk Sultans in Iraq (447 AD-590 AD/1055-1194 AD)

Lecture.Dr. Amjad Muhsin Majid
Assistant Lecture:Nawroz Ali Kakaamin
Departmet of History/ College of Art/ salahaddin university
Nawroz.kakamin@su,edu.krd
Dr.taban Sabah perbal
Department of history/college of arts/salahaddin University
Taban.perbal1@su.edu.krd

**Keywords** : Communication, Historian, Sultans Seljuks, Historical Writing

**How To Cite This Article**
Majid , Amjad Muhsin , Nawroz Ali Kakaamin , taban Sabah perbal , Historians' Relations with the Seljuk Sultans in Iraq (447 AD-590 AD/1055-1194 AD) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Absract
Human efforts to record past events have a long history, from the moment when they painted hunting stories and daily activities on cave towers and walls, to the discovery of writing and recording information They held Islam for three centuries. Historians' relationship with the Seljuk sultans in Iraq was interactive, based on material and spiritual support from the authorities for historians to write their historical works, and strengthen their legitimacy. some historians may have been directly or indirectly critical of the policies of the Seljuks. On the other hand, it is natural that historians working at the Seljuk court often wrote a narrative that tended to beautify the image of the rulers and improve their legitimacy. This does not mean that it includes all historians, but many historians have

written historical works that recorded the events of the Seljuk state in Iraq and played a role in passing on the news of their rule and achievements to later generations. Purpose of the study: This study aims to present and explain the relations between historians and the Seljuk Sultans in Iraq (447 - 590 AD / 1055 - 1194 AD) during their rule.

Importance of the study: The relationship between historians and the Seljuk sultans in Iraq and the details of this relationship is very important, because the role and attention of historians with their rulers and authorities is important and influenced their writings.

Research Methodology: This research followed a historical scientific approach, based on collecting information from different historical sources and then analyzing them to achieve the objectives of the study.

الملخص:

لقد كان لجهود البشر في تسجيل الأحداث الماضية تاريخ طويل، بدءًا من اللحظة التي رسموا فيها قصص الصيد والأنشطة اليومية على أبراج وجدران الكهوف، وصولًا إلى اكتشاف الكتابة وتسجيل المعلومات. لقد حافظوا على الإسلام لمدة ثلاثة قرون. كانت علاقة المؤرخين بسلاطين السلاجقة في العراق تفاعلية، قائمة على الدعم المادي والمعنوي من السلطات لهم لكتابة أعمالهم التاريخية وتوثيق أحداث دولتهم، مما عزز شرعيتهم. تجدر الإشارة إلى أن بعض المؤرخين ربما انتقدوا سياسات السلاجقة بشكل مباشر أو غير مباشر. وبطبيعة الحال، غالبا ما قدم المؤرخون العاملون في البلاط السلجوقي سردا يميل إلى تجميل صورة الحكام وتعزيز شرعيتهم. ورغم أن هذا لا يشمل بالضرورة جميع المؤرخين، إلا أن العديد منهم كتبوا أعمال التاريخية وثقت أحداث الدولة السلجوقية في العراق، وساهمت في نقل صورة حكمهم وإنجازاتهم إلى الأجيال اللاحقة. هدف الدراسة: تهدف هذه الدراسة إلى عرض وشرح العلاقات بين المؤرخين وسلاطين السلاجقة في العراق (٤٤٧-٥٩٠ م / ١٠٥٥-١١٩٤ م) خلال فترة حكمهم. اما أهمية الدراسة تُعدّ العلاقة بين المؤرخين وسلاطين السلاجقة في العراق، وتفاصيل هذه العلاقة، بالغة الأهمية، إذ كان لدور المؤرخين واهتمامهم بحكامهم وسلطاتهم أثرٌ بالغٌ في كتاباتهم. ومنهجية البحث: اتبع هذا البحث المنهج العلمي التاريخي، بالاعتماد على جمع المعلومات من مصادر تاريخية متنوعة، ثم تحليلها لتحقيق أهداف الدراسة.

## پەیوەندی مێژوونووسان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی عێراق (٤٤٧ک-٥٩٠ک/١٠٥٥-١١٩٤ز)

م.د. أمجد محسن مجيد
م.ی. نەورۆز على كاكەمين
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Nawroz.kakamin@su.edu.krd
تابان صباح پیربال
بەشی مێژوو/کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Taban.perbal1@su.edu.krd

پوختە:
پەیوەندی مێژوونووسان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق پەیوەندییەکی کارلێککارانە بووە، لەسەر بنەمای پشتیوانی ماددی و روحی لەلایەن دەسەڵاتداران بۆ مێژوونووسان بنیادنرابوو، لە بری نووسینی بەرهەمە مێژووییەکانیان و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی دەوڵەتەکەیان لە بەرژەوەندی ئەوان و بەهێزکردنی شەرعیەتیان. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ڕەنگە هەندێک لە مێژوونووسان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی سەلجوقیەکان گرتووە. لەلایەکی ترەوە کارێکی سروشتییە ئەو مێژوونووسانەی کە لە دەرباری سەلجوقییەکان کاریان دەکرد، زۆرجار گێرانەوەیەکیان بەشێوەیەک بووە کە مەیلی جوانکردنی وێنای فەرمانڕەواکان و باش نیشان دانی شەرعیەتیان هەبوو. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هەموو مێژوونووسان بگرێتەوە، بەڵام زۆرێک لە مێژوونووسان بەرهەمی مێژووییان نووسیوە کە ڕووداوەکانی دەوڵەتی سەلجوقیەکان لە عێراق تۆمار کردووە و رۆڵیان هەبووە لە گواستنەوەی هەواڵی حوکمڕانی و دەستکەوتەکانیان بۆ نەوەکانی دواتر.

وشە کلیلەکان:
پەیوەندی، مێژوونووس، سوڵتانی سەلجوقی، نووسینی مێژوویی.

**پێشەکی:**

هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی رووداوەکانی ڕابردوو مێژووییەکی دێرینی هەیە، هەر لەو ساتەوە کە لە شێوەی وێنەدا چیرۆکی راوەشکار و چالاکییەکانی رۆژانەیان لەسەر تاوێر و دیواری ئەشکەوتەکان دەنەخشاند، دەستپێدەکات تا دەگات بە دۆزینەوەی نووسین و تۆمارکردنی زانیاریەکان، هەرچی تایبەتە بە ماوەی فەرمانڕەوایی سەلجوقیەکان یەکێک لە کاریگەرترین قۆناغە مێژووییەکانی جیهانی ئیسلامی پێکهێنا، کە کۆنترۆڵی حوکمی جیهانی ئیسلامییان بۆ ماوەی سێ سەدە گرتە دەست.

سەرەڕای ئەوەی سەلجوقیەکان کەمینە بوون، بەڵام توانیان بە شێوەیەکی خێرا باڵا دەست بن، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر رەوتی نووسینی مێژوونووسان، سیستەمێکی حوکمڕانی نوێیان هێنایە ناوچەکە. لە ئاکامی ئەم جۆرە حوکمڕانییەدا، سیستەمێکی نوێی فەرهەنگی سەریهەڵدا. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مێژوونووسان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی تۆمار نەکراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژوونووسان بایەخی زۆریان بەلایەنی سەربازی و سیاسی داوە، نەپرژاونەتە سەر تۆمارکردنی پەیوەندییە کەسییەکانیان لەگەڵ سوڵتانەکاندا، ئەوەش وایکردووە زۆر بەوردی لە نێو پەڕاوی سەرچاوە مێژووپەکاندا دێر بەدێری بگەڕێین یاخود لەژێر سێبەری دەقەکاندا زانیاریەکان هەڵێنجێنین دەتوانین بڵێین کە زانیارییەکی ئەوتۆ لەنێو سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێنەکراوە، هەروەها پەیوەندی نێوان مێژوونووسان و سوڵتانەکانی سەلجوقی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە

نووسینە مێژووییەکان. هەندێک لە مێژوونووسان لە دەربار و کۆشکی سوڵتانەکان بوون و ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بیرکردنەوەیان و دانانی وێنای سوڵتانەکان لە کتێبەکانیان و نووسینەکانیان هەبوو. دەتوانین بڵێین کە بەشێک لە مێژوونووسان لەو ماوەیەدا زۆرجار وەک وەزیر، ڕاوێژکار، یان مێژوونووس لە خزمەت سوڵتانەکان سەلجوقیەکاندا کاریان کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خستنەروو و ڕوونکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان مێژوونووسان و سوڵتانەکانی سەلجوقیە لە عێراق (٤٤٧ - ٥٩٠ ك/ ١٠٥٥ - ١١٩٤ ز) لە ماوەی حوکمڕانیان.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

پەیوەندی نێوان مێژوونووسان و سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق و وردەکاری ئەو پەیوەندیە گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە ڕۆڵ و سەرنجی مێژوونووسان لەگەڵ فەرمانڕەواییان و دەسەڵاتداران گرنگە و کاریگەری هەبووە لەسەر نووسینەکانیان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازێکی زانستی مێژوویی پەیرەو کراوە، لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە مێژووییە جیاوازەکان و دواتر شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**تەوەرەی یەکەم/ مێژوونووسی لە سەردەمی سەلجوقی**

**١-مێژوونووس کێیە؟**

مێژوونووس ئەو کەسەیە کە خوێندنەوە بۆ مێژوو دەکات و مێژوو دەنووسێتەوە، گرنگی بە گێرانەوەی ڕێبازی و یەک لە دوای یەک دەدەن و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو. مێژوونووسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە پیشەیەک.[١] نووسینەوەی مێژوو کارێکی هەروا سادەو ئاسان نییە پێویستە ئەو کەسەی ئەرکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە ئەستۆ گرتووە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاری تێدابێت. هەروەها شارەزایی و ئاگایی باشی لەو بوارەدا هەبێت کە کاری لەسەر دەکات، پێویستە مێژوونووس بە گومانەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بڕوانێ ئەمەش بەو واتایەی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان هەبێت و هیچ زانیاریەک وەک ڕاستی ڕەها وەرنەگرێت تا وردبینی و شەنوکەوی تەواوی تێدا نەکات.[٢]

ئەرکی مێژوونووس کۆکردنەوەی ڕووداوگەلێکی ورد و فراوانە، لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا لە سەردەمی ئێستادا دوور دەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کات و شوێنی ڕووداوەکان، بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و کۆششکاری بۆدەکات.[٣] واتە بەشێوەیەکی گریمانەیی وێنای ڕووداوەکان دادەڕێژێتەوە بەجۆرێک کەلە واقیعی ئەو ڕۆژگارەوە نزیک بێت. دواتر قۆناغی بەدواداچوون و ڕەخنەگرتن ئینجا قۆناغی شیتەڵکردن و خستنەڕوویان بەشیوەیەکی زانستی.[٤] مێژوونووس ئەرکگەلێکی زۆری هەیە[٥]. زۆرجار

مێژوونوسان لە نوسینەوەی مێژوودا زێدەڕۆییان کردووە بە هۆکاری جیاجیا،لە ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی ئیسلامی هەندێ جار ئەم زێدەڕۆییانە سنوری ئاسایی و ژیری تێدەپەڕێنی کە لەوانەیە مەبەستی گەورەکردنی ئەو ڕوداوەیە کە باسی دەکات هەندێ جاریش مەبەست و ئامانجی خۆی بە دواوەیە، بۆیە گرنگە لە وەرگرتنی هەواڵدا ئاگادار بین کامە هەواڵ دروستە.[٦]

**٢-دۆخی نووسینەوەی مێژوو لە سەردەمی سەلجوقییەکان لە عێراق:**

دەتوانین بڵێین کە مێژووی سەردەمی سەلجوقییەکان بە شێوازێکی مۆدێرن تۆمارکراوە لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانەکانی ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەدا. شێوازی حوکمڕانی و تێڕوانین بۆ کلتوری سەلجوقیەکان لە نووسینی مێژوونووسان رەنگی داوەتەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم سەردەمە دەرکەوتنی زمانی فارسی لە بەرهەمە مێژووییەکاندا پەرەی سەند، لەگەڵ زیادبوونی نووسینەوەی مێژووی ناوخۆیی.[٧]

وا دیارە لە سەردەمی سوڵتانە سەلجوقییە گەورەکان[٨] بۆچوونی جیاواز هەیە کە دەوترێت: لە سەردەمی حوکمڕانییاندا مێژوونووسێکیان نەبووە بۆیە دەستڕاگەیشتن بە مێژووی ئەم سوڵتانانە تەنیا لە ڕێگەی بەڵگەنامەکردنی مێژوو لە عێراق و نووسینی عەرەبی و فارسییەکان لە کۆتایی سەدەی شەشەمدا دەستدەکەوێت[٩]، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت کە دەوڵەتی سەلجوقی مێژوونووسی تایبەتی خۆی هەبووە.[١٠]

بەڵام لەبەرئەوەی سەلجوقیەکان نەتەوەیەکی بیانی بوون و هاوئاهەنگ نەبوون لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانیەتی ناوچەکە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کتێبی مێژوویی زۆر ناتەواو و بچووک، هەروەها کەمی زانیاری مێژوویی و مەیلی مێژوونووسان بەرەو مێژووی ناوخۆیی و مێژووی بنەماڵەکان و کتێبی ئەدەبیات رۆیشتووە.[١١] تارادەیەک نووسینی مێژوویی لەم سەردەمەدا ناروونیەکی پێوە دیارە، بۆیە تواناى سودوەرگرتن لە بەڵگەنامەکان کەمە.[١٢]

**تەوەرەی دووەم/ پەیوەندی مێژوونووسان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی**

**١- پەیوەندی (الفارقی)[١٣] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

مێژوونووسان لەلایەن سوڵتانەکانەوە ڕێزیان لێ گیراوە و هەموو پشتیوانی و سەرکەوتن و پشتگیرییەکیان لێیان وەرگرتبوو، هەروەها سوڵتانەکان ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ڕاوێژیان لێ وەرگرتوون لەو بابەت و ئەرک و ڕووداوانەی کە لە دەوڵەتدا ڕوویانداوە، بەهۆی ئەو پێگەیەی کە مێژوونووسان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەیانبووە و کاریگەریی گەورەیان هەبووە، هەروەک چۆن مێژوونووس الفارقی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە و پەیوەندییەکی باشی هەبووە و لە سوڵتانەوە نزیک بووە، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە پێدانی ئامۆژگاری و پێدانی ڕێنمایی بە سوڵتان برکیارق (٤٧٢-

٤٩٨ک/١٠٧٩-١١٠٥ز)، کە یەکێک بوو لە سوڵتانەکانی سەلجوقی کە دوای کۆچی دوایی باوکی بووە بە فەرمانڕەوا باوکی خاوەنی دەسەڵات بووە بەسەر ناوچەکانی سەمەرقەند و بوخارا.[١٤] لە کتێبی (تأريخ ميافارقين) وردەکاری پەیوەندیە باش و خراپەکانی سوڵتانەکانی سەلجوقی روون کراوەتەوە[١٥]

## ٢- پەیوەندی(الجرديزی)[١٦]لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:

کتێبی زین الاخبار سەرچاوەیەکی بەسودی ئەو سەردەمەیە و وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی، ژمارەی لاپەڕەکانی ٥٤١ لاپەڕەیە [١٧] ئەم کتێبە باس لە مێژووی جیهان دەکات لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی تا سەردەمی نووسەر.

واپێدەچێت الجرديزی پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقیدا هەبووبێت، ئەمەش بەڵگەی وەسفکردنی کوشتنی سوڵتان عەبدولڕەشید کوڕی مەحمود غەزنەوی لەلایەن توغرول بەگەوە بە کردارێکی فیتنە ناودەبات.[١٨] (الجرديزی) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ غەزنەوییەکان هەبووە و پێدەچێت کتێبەکەی (زين الأخبار) لە شاری غەزنەدا نووسیبێت، ئەو ناوی لە سوڵتان عەبدولڕەشیدی کوڕی سوڵتان مەحمود غەزنەوی ناوە، کە ناوی زین الملا بووە. لەو ڕووداوانە دەردەکەوێت کە الجرديزی سەبارەت بە دەوڵەتی غەزنەوی دەیگێڕێتەوە کە لە دادگای غەزنەویدا پێگەیەکی سیاسی هەبووە. ئەمەش وایکردووە زۆرێک لەو نهێنییانە بزانێت کە لە دەوڵەتەدا ڕوویان دەدا، ئەمەش وایکردووە کتێبەکەی بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بێت.[١٩] لە لایەکی ترەوە باسی سوڵتانەکانی سەلجوقی دەکات و دەڵێت ئەوان کاریان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەناو تورکە بتپەرستەکان.[٢٠] هەروەها وەسفی سەلجوق دەکات بەوەی کە ڕۆڵی سەرکردایەتی گێڕاوە خێڵەکەی لە گۆشەگیریی دەرهێناوە و ئاسۆی فراوانی بۆ کردونەتەوە، بۆیە هۆزەکەی بە ناوی ئەوەوە ناونرا.[٢١]

## ٣- پەیوەندی(الماوردی)[٢٢] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:

ڕێزگرتنی سوڵتانەکانی سەلجوقی بۆ مێژوونووسان باو بووە، مێژوونووس الماوردی یەکێک بوو لەو مێژوونووسانەی کە لە لایەن سوڵتانەکانەوە ڕێزی لێ گیراوە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە، دەبینین کە فروانبوونی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بووە هۆی ئەوەی بیر لەبەدەستهێنانی ڕەزامەندی خیلافەتی عەباسی بکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو تاوەکو بتوانن زیاتر شەرعیەتی ئایینی وەربگرن، بۆیە توغرول بەگ لە (٤٣٢ک/١٠٤١ز) هەڵسا بەناردنی نامەیەک بۆ خەلیفە قائیم بیئەمر اللە ی عەباسی، ئەو نامەیە گەیشتە دەستی خەلیفەی عەباسی زۆری پێخۆش بوو ئارەزووی ئەوەی کردووە لێی نزیک بێتەوە، بۆیە بەپەلە لە (٤٤٥ک/١٠٥٣ز)، نوێنەرێکی نارد بۆ شاری (الری)[٢٣] بۆ لای (طغرلبک)[٢٤]، کەئەم شارە پایتەختی فەرمانڕەوای سەلجوقیەکان بوو[٢٥]بەمجۆرە دەبینین (طغرلبک) پەیوەندی لەگەڵ خەلیفە قائیم بیئەمر اللە دروستکرد،

خەلیفەش دانی بە دەسەڵاتیدا نا [٢٦]، نێردراوی خەلیفە بۆلای(طغرلبک) مێژوونووس (الماوردی) بوو.[٣٧]

لە لایەکی ترەوە پەیوەندی سوڵتان لەگەڵ ئەم مێژوونووسە لە مامەڵەکانی لەگەڵ نێردەی خەلیفەدا دیارە، کە نامەیەکی بۆ ناردووە سەبارەت بە خراپیەکانی سوڵتان. هەرچەندە نامەکە گەیشتە دەستی توغرول بەگ، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لە بەرامبەر مێژوونووس الماوردی نیشان نەدا. (٢٨) دانانی (الماوردی) بە نێردراو بۆ لای خەلیفە، پێگەی بەهێزی مێژوونووس (الماوردی)مان بۆ دەردەخات، چونکە پێویستی زۆری خەلیفە بە توغرول بەگ، وا پێویست بووە کە خەلیفە کەسێکی لێهاتوو بنێرێت.

ڕووداوێکی تر کە ڕۆڵ و پێگەی مێژوونووس الماوردی لە دەوڵەتی سەلجوقیدا دەردەخات، خەلیفە قائیم بیئەمر الله (٤٢٢-٤٦٧ک/١٠٣٠-١٠٧٤ز) داوای هاوسەرگیری لە ئەرسلان خاتون (خدیجة)، کچی جغری بەگ، برای سوڵتان توغرول بەگ کرد. هاوسەرگیرییەکە لە مانگی موحەڕەم لە ساڵی ٤٤٨ ک/١٠٥٦ز، (قاضي القضاة) الماوردی لەم بۆنەیەدا ئامادەبووە.[٢٩]

## ٤- پەیوەندی(نظام الملک)[٣٠] لەگەڵ سولتانەکانی سەلجوقی:

ئەم مێژوونووسە توانی سەرنجی جغری بەگی برای توغرلی بەگی یەکەم سوڵتانی سەلجوقی ڕابکێشێت و دوای ئەوە بوو بە نووسەری ئەلب ئەرسلانی کوری لەم کاتەدا جغری بەگ نیزامولمەلیکی ئامەنەتی ئەلپ ئەرسلانی کوری کرد و پێی وت: "اتخذه والدا ولا تخالفه" وەک باوکت مامەڵەی لەگەڵ بکە و سەرپێچی مەکە لەوەی کە ئامۆژگاری دەکات. بۆیە کاتێک ئەلب ئەرسلان بوو بە سوڵتان کاروباری مەملەکەتەکەی بە باشی بەڕێوەدەبرد و بیست ساڵ لە خزمەتی مایەوە. دوای ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ بووە وەزیری بەتوانای ئەلب ئەرسلان و سەلجوقیەکان. دەسەڵاتێکی زۆری کەوتە دەست و لەم کاتەدا سوڵتان جگە لە تەخت و ڕاوکردن هیچی تری لە ژێر دەستدا نەمابۆوە.[٣١]

ئەو دوو سوڵتانەی باسکران لە گەورەترین سوڵتانە سەلجووقیەکان بوون کە گوێرایەڵی بۆچوونەکانی نیزامولمەلیک بوون و کارەکانی ئەویان پە سە ند دەکرد.[٣٢] هەرلە سەرەتای خزمەتەکەیدا لە گەشتەکاندا هاوەڵی سوڵتان بووە.[٣٣]

## - هەوڵدان بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان نظام الملک و سوڵتانەکانی سەلجوقی:

بەهێزی پەیوەندی نێوان نیزامولمەلیک لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی وایکرد کە ببێتە جێگای سەرنجی دەوروبەر، بۆیە هەوڵیاندا پەیوەندییەکەی لەگەڵ سوڵتان مەلیکشا تێکبدەن و سوڵتان مەلیکشایان ترساند بەوەی کە نیزامولمەلیک کور و زاوا و خزمی زۆری هەیە و هەر یەکێک لە کورەکانی پۆست و حکومەتێکی پێیان سپاردووە، و خەریکی پیلان و سەرپێچی و یاخی بوونە. بەڵام لە لایەکی ترەوە کورەکانی نیزامولمەلیک

سوڵتان برکیارقی سەلجوقیان پاراست کاتێک لە ئیسفەهان هەڵهات و لەگەڵیدا دەچوون بۆ شاری ڕەی و لەسەر تەختی سەڵتەنەتی سەلجوقی دایاننا.(٣٤)
لەلایەکی ترەوە دەبینین کە مێژوونووس نیزامولمەلیک لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا چەندین کاری گرنگی ئەنجامداوە، ئەمەش نیشانەی بەهێزی پەیوەندی لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی بووە. لە گرنگترین دەستکەوتەکانی دامەزراندنی قوتابخانەکانی نیزامییە بوو. یەکەم کەس بوو سیستەمێکی نوێی لە بواری پەروەردە لە چەندین ناوچەی بە ناوبانگ(٣٥)، ڕۆژانە سێ سەد قوتابی، بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ، ئامادەی دەبوون.(٣٦) هەروەها لە لایەکی ترەوە، نیزامولمەلیک هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی باجی (مکوس) کە باجی نایاسایی بوون.(٣٧) ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر خەڵک.(٣٨) بەڵام نازانین ئایا وەزیر مەبەستی چی بووە لەم کارەی. هەرچۆنێک بێت ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی سوڵتان بووە بۆی کە ڕێگەی داوە ئەم کارە ئەنجام بدات.
پێشووتر لە گوندەکاندا پارە لە خەڵک بردراوە و دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا گیراوە.(٣٩)، هەربۆیە جارێکیان مێژوونووس نیزامولمەلیک خۆی لە جیاتی خەڵک پارەی داوە" سِمِعْتُ أَنَّ السُّلْطَان مَلِكشَاهُ أَرَادَ أَنْ يَأْخذ مِنَ الرَّعِيَّة مَالاً بِأَصْبَهَانَ، فَقَالَ الرَّئِيس: أَنَا أُعْطِي النِّصْف، وَيُعْطِي الوَزِيْر _ يَعْنِي: نِظَامَ الْملك _ وَأَبُو سَعْدٍ المُسْتوفِي النِّصْفَ"(٤٠)
تەنانەت ڕۆڵی وەزیر نیزام ئەلمولک لە پشتیوانیکردنی دادپەروەریدا بەرز نرخێندراوە. کە خۆی لە (مظالم) دانیشتووە، دادپەروەری بەدیهێناوە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا کردووە، وەک مێژوونووس (الذهبي) دەڵێت:" خفف المظالم ورفق بالرعايا" لەگەڵ خەڵک و لە سکاڵاکاندا نەرمونیان بووە.(٤١) مێژوونووس السبکی دەڵێت: " وان قعد للمظالم أقام الكتاب والسنة، وأخاف في الله ببطشه ... واستقرت في أيامه بالأمن"(٤٢) هەروەها دادپەروەرییەکی دیکەی نیزام مەلیک، هەڵوەشاندنەوەی نەفرەت کردن لە ئەشعەرییەکان بوو لەسەر مینبەرەکان.(٤٣) لە لایەکی ترەوە لەسەر ڕێپێدانی سوڵتان مێژوونووس نیزامولمەلیک تیمێکی لە سوپای مەملوکی تورک دامەزراند کە ناوی ئەویان هەڵگرتبوو و پێیان دەگوترا غولامی نیزامییە. "وملك من الغلمان الأتراك ألوفا" خاوەنی هەزارەها لە کوڕەکانی تورک بووە(٤٤) نیزامولمەلیک خودی خۆی شانبەشانی غولامە تورکەکان بەشداری شەڕی کردووە.(٤٥)ئەمەش نیشانەی بەهێزی پەیوەندی نێوانیان.
ئاشکرایە کە سوڵتان مەلیکشا نەیتوانی بەرگەی ئەم دەست تێوەردانە زۆرەی نیزامولمەلیک بگرێت، بە تایبەت کە ڕکابەر و نەیارانی نیزام ئەلمولک بەردەوام بوون لە هاندانی سوڵتان لەدژی. لەنێو ئەوانەشدا تورکان خاتوون، هاوسەری سوڵتان بوو، کە لەسەر مەسەلەی جێنیشین بوو. لەم رووەوە مەلیک شا بە نهێنی پشتگیری لە بۆچوونی نیزامولمەلیکی دەکرد.(٤٦)

نەیارانی نیزامولمەلیک ڕۆژانە هۆشدارییان بە سوڵتان دەدا و. بیروبۆچوونی سوڵتان مەلیکشا بۆ نیزامولمەلیک وردە وردە گۆڕا، بۆیە سەرەتا دەستیکرد بە گۆڕانکاری لە پۆستەکان. و تاوانبار کردنی نیزامولمەلیک لەسە بچووکترین کێشە، لە ساڵی ٤٨٥ک/١٠٩٢ز، مەلیکشا لە ئیسفەهانەوە بۆ بەغدا گەشتی کرد.(٤٧) چەند ڕۆژێک دوای گەشتەکەی سولتان، نیزامولمەلیک سەرکەوت بۆ ئەوەی بتوانێت پێی بگات. لە نزیک کرماشان، پیاوێک بە جلی سۆفییەوە وا خۆی نیشان دەدا کە نامەیەکی بە نیزامولمەلیک دەگەیەنێت. لێی نزیک بووەوە و بە چەقۆ لێدا و کوشتی.(٤٨) سەبارەت بە کوشتنەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێک دەڵێن: ئەبو تاهیر ئەلعرانی یەکێک لە فیدایەکانی ئیسماعیلی بکوژەکەیەتی. هەندێک پێیان وابوو لەسەر فەرمانی مەلیکشایە. هەندێکی تر پێیان وابوو تاج الملك هۆکاری سەرەکی بووە. سوڵتان مەلیکشا دوای مانگێک لە کوشتنی نیزامولمەلیک کۆچی دوایی کرد. هەندێک پێیان وایە کە کورەکانی نیزامیە سوڵتانیان ژەهر خوارد کردووە وەکو تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەر کوشتنی نیزام مەلیک.(٤٩)

نیزامولمەلیک کتێبەکەی بەناوی (سیاسەت نامە) لەسەر داوای سوڵتان مەلیکشا نووسیویەتی. دەڵێت: کاتێک سوڵتان فەرمانی پێکردم هەموو ئەو شتانەم کۆکردەوە کە بینیومە و بیستووم و فێربووم و دواتر ئەم بەشانەم نووسی". لە دواتردا سوڵتان برکیارقی سەلجوقی ووتوویەتی: "ئەم کتێبەم وەک ڕێنوێنی خۆم گرتووە و پەیرەوی لێ دەکەم".(٥٠)

وا دیارە نیزامولمەلیک سوڵتان ئەلب ئەرسلانی خۆشویستبێت، چونکە لە کتێبەکەیدا دەردەکەوێت کە هەوڵی داوە لای سوڵتان ئەلب ئەرسەلان وێنایەکی جوانی هەبێت (٥١) و بە هاوڕێ ناوی هێناوە(٥٢)، هەروەها نیزامولمەلیک لەسەر قسەی سوڵتان عەمامە زێڕینەکەی داکەند و بیست هەزار دیناری بەخشیوە.(٥٣) لەم کتێبەدا هەیە نیزامولمەلیک رەخنەی گرتووە ولەسەر میرەکانی سەردەمی خۆی نووسیووە(٥٤) هەرو باس لە نازناوەکان دەکات: "إن أقل أمير تركي شأنا .. يلقب نفسه معين الدين وتاج الدين" میرێکی تورکی کە کەمترین پێگەی هەبێت ناوی لە خۆی ناوە معين الدين و تاج الدين (٥٥) لە لایەکی ترەوە خۆی ناوی سوڵتان مەلیکشای هێناوە بە (معز الدنيا والدين أبي الفتح ملكشاه بن محمد يمين أمير المؤمنين أعز الله أنصاره وضاعف اقتداره).(٥٦)

لەلایەکی ترەوە نیزامولمەلیک رەخنە لە سوڵتان مەلیکشا دەگرێت و دەڵێت، دەبوو زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکدا هەبووایە و لەگەڵیان دادپەروەر بیت.(٥٧) سوڵتان مەلیکشا نەیدەتوانی بە تەنیا ئاگاداری کاروباری مەملەکەتەکەی بێت، بۆیە نیزامولمەلیکی راسپارد بۆ ئەوەی دادپەروەری لە شانشینیەکەدا جێگیر بکات.(٥٨) سەرەڕای ئەمانەش نیزام مەلیک ئامۆژگاری سوڵتانی کردووە(٥٩). لە بەشی (٩-١٤)ی کتێبەکەی، نیزامولمەلیک ئامۆژگاری سوڵتان دەکات کە پشت بە پۆست و سیخوڕ و چەک و شێوازەکانی شەڕ و پێداویستی و داراییەکەی ببەستێت.(٦٠)

ئامۆژگاری سوڵتان دەکات کە پشت بە یەک ڕەگەز لە سوپادا نەبەستێت، باسی مەترسی یاخیبوونی لە ناوسوپاکەیدا بۆ کردووە.[٦١]

**٥- پەیوەندی الجوینی[٦٢] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

لە دیارترین سیماکانی پەیوەندی لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی، ڕێزلێنانیان بووە بۆ الجوینی (ت٤٧٨ک/١٠٨٦ز)، توانی لێیان نزیک بێتەوە و لەلایەن سوڵتانەکانی سەلجوقیەوە بەشایانی پێگەکەی خۆی دەزانرا[٦٣] دەستکەوت و پارە لەلایەن سوڵتانەکانەوە پێی دەبەخشرا، لەوانەش کراس و وشتری پێدراوە.[٦٤]

**٦- پەیوەندی (الحسینی)[٦٥] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

کتێبی (أخبار الدولة السلجوقية) بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ مێژووی دەوڵەتی سەلجوقیەکان دادەنرێت[٦٦]، کە هاوسەردەمی سەلجوقیەکان بووە. دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت[٦٧].

مێژوونووس الحسێنی لە کتێبەکەیدا، زبدة التواريخ/أخبار الدولة السلجوقية، باس لە مێژووی بنەماڵەی سەلجوقییەکان و دەوڵەتەکەیان دەکات، کە لە سەرەتای دەسەڵاتەکەیانەوە دەست پێدەکات و بە کۆتاییەکەی دەوڵەتەکە کۆتایی دێت[٦٨]. دوایین ڕووداوەکانی تۆمارکراوی نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٢١ی ک/١٢٢٥ز، لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت کە مێژوونووس الحسینی لە پەیوەندییەکی باشدا بووە لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی پیاهەڵدانێکی زۆر دەکات و ناوی هەیەک لە سوڵتانەکانی سەلجوقی بە (أمير المؤمنين) هێناوە.[٦٩]

ئەم مێژوونووسە بە روحێکی زۆر دڵسۆزانە باسی سوڵتانەکانی سەلجوقی دەکات[٧٠] بەتایبەتی بەشێوەیەک باسی سوڵتان توغرول بەگ دەکات کە وا دەزانین کە شایانی جێنشینی پۆستەکەیەتی و دەڵێت بێ وێنەیە[٧١]، هەروەها مێژوونووس (ابن العديم) هەندێک لە قسەکانی الحسینی بە درۆ و بوختان دەرکردووە "لما استبد السلطان ألب أرسلان بالأمر واستوى على سرير الملك.. يعرض عن الكذب والبهتان"[٧٢] پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم قسانە لە گرنگی زانیارییەکانی مێژوونووس (الحسینی) کەم ناکاتەوە،

**٧- پەیوەندی(ابن الأثير)[٧٣] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

کتێبیەکەی (الكامل فی التاريخ) سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی دەوڵەتی سەلجوقیە، بۆتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی ئەو سەردەمە. بەڵام زانیاریەکی ئەوتۆ دەربارەی پەیوەندی ئەم مێژوونووسە لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی نیە، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی مێژوونووس ئیبن ئەسیر لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقیدا نەبووە، چونکە ئیبن ئەسیر لە قۆناغێکی دواتردا ژیاوە کە هاوسەردەمی سوڵتانە لاوازەکانی دەوڵەتەکە و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە بووە، ئەم سەردەمەش سەردەمی زاڵ دەستی زەنکیەکان بووە بەسەریدا.

بەڵام ئەگەر باسی تێڕوانینی ئەم مێژوونووسە لە کتێبەکەی (الكامل فی التاريخ) بکەین دەبینین کە تێڕوانینێکی باشی بۆ سوڵتانەکانی سەلجوقی


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەبووە، بۆ نموونە دەڵێت: کە سوڵتان ئەلب ئەرسەلان دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە و بەزەییدار بوو لەگەڵ خەڵکەکەیدا، وەک ئەوەی ئاماژەی بە زۆرێک لە بەخشینەکانی و ئاگای لە پاراستنی ناموسی خەڵک بووە.[٧٤]
وا دیارە ئیبن ئەسیر لە نووسینی ئەرێنی لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی هەیە، چونکە پشتی بەو مێژوونووسانە بەستووە کە هەڵوێستی باشیان بەرامبەر بە سوڵتانەکان هەبووە و لە مێژوونووسانەوە زانیاری وەرنەگرتووە کە بۆچوونیان لە دژی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی سەلجوقی هەبوو.[٧٥]

## ٨-پەیوەندی (الراوندی)[٧٦] لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی:

مێژوونووس الراوندی لە خزمەتی سوڵتان توغرولی کوڕی ئەرسلان بووە. کە کۆتا سوڵتانەکانی سەلجوقی بوو لەنێوان ساڵانی (٥٧١-٥٩٠ک/١١٧٥-١١٩٤ز) فەرمانرەوایی کردووە خۆشەویستی بۆ زانست و زانایان و خولیای بۆ هونەر هەبووە، ئەوە بوو کە وای لێکرد حەزبکات فێری خۆشنووسی ببێت. زین الدین مەحمودی کوڕی محمد الراوندی، کە خاڵێکی میژوونووس الراوندی بوو بکات بە مامۆستای خۆی. وای لێهات هەموو خاڵەکانی مێژوونووس الراوندی بوون بە مامۆستای سوڵتان و لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی سەڵتەنەتی سەلجوقی دانیشتنیان دەکرد و کوڕەکانیان دەناردە لایان بۆ ئەوەی فێری زانستیان بکەن.[٧٧]
مێژوونووس راوندی لە ساڵی (٥٩٨ک/١٢٠٢ز) دەستی بە نووسینی کتێبەکەی بە ناوی راحة الصدور کردووە. لە سەرەتادا راوندی ویستویەتی پێشکەشی بکات بۆ یەکێک لە پاشا سەلجوقییەکانی ڕوم. ئامانجی ئەوەی پاداشت بەدەستبهێنێت. هەروەها جارێکی دیکە ویستی کتێبەکەی پێشکەش بکات بۆ برا بچووکەکەی سوڵتان بەناوی ڕکن الدین، بەڵام بیروڕای خۆی گۆڕی و کتێبەکەی پێشکەش بە برا گەورەکەی بەناوی کەیخوسرەو میراتگری ڕاستەقینەی تەخت کرد. بەڵام دوای مردنی لە ساڵی ٦٠١ک/١٢٠٤ز و هاتنە سەر تەختی کەیخوسرەو نووسەر ناچار بوو هەندێک بەڵگەی بۆ زیاد بکات، ئاماژەی بەوە کردووە کە لە بنەڕەتدا پیشکەشکردنەکە بۆ ڕوکن الدین سلێمان شا بووە.[٧٨] لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا، الراوندی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کتێبەکەی لە بنەڕەتدا بۆ کەیخوسرەو نووسراوە، بە بۆنەی فەتحکردنی ئەنادۆڵ لە ساڵی ٦٠٣ ک/١٢٠٦ز. الراوندی نوسخەی پێداچوونەوەی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ناوچەکانی قۆنیا و وا دیارە لەوێ پێشکەشی سوڵتانی کردووە.[٧٩]
هەروەها مێژوونووس باسی لە نیازی خۆی کردووە بۆ نووسینی دوو کتێبی دیکە، یەکێکیان مێژووی دەسەڵاتی سوڵتان توغرول.[٨٠] وا دیارە لە نووسینی سەرکەوتوو نەبووە.
مێژوونووس لەم کتێبەدا پشتی بە کتێبی سەلجوقنامە بەستووە[٨١]، مێژوونووس الراوندی سەلجوقنامەی بە سەلیقەی خۆی گونجاند. کە وەکو سەرچاوەیەک کە نووسەر پشتی پێ بەستووە بووە.[٨٢] نزیکەی دە ساڵی بۆ مێژووی ئەم کتێبە زیاد کرد، لەوانە ژیاننامەی تۆغرول دوا پاشای سەلجوقی و ڕووخانیان لە ساڵی ٥٩٠ کۆچی/١١٩٤ی زایینی بۆ

زیادکردووە، لە بنەڕەتدا کتێبەکە مێژووی سەلجوقییەکان لەخۆدەگرێت، لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان تا کاتی لەناوچوونی لە ساڵی ٥٩٠ک/١١٤٩ز. ئەو هەواڵەی نووسەر لەسەر ئەم سەردەمە گێڕاویەتیەوە، ورد و میتۆدێکی گێرانەوەیە.[٨٣]
بەڵام کتێبەکە چەندین بابەتی لەخۆگرتووە وەکو یاری طاولة، شەترەنج،..هتد لەخۆدەگرێت. دوو بەشی کۆتایی باس لە سەردەمی حوکمڕانی توغرلی سێیەم و دوا ئەتابەگی سەلجوق دەکات. الراوندی سوڵتانی سەلجوقی بە پاڵەوانی ئیسلامی سوننە مەزهەب داناوە.[٨٤]
هەروەها سەرسام بوو بە سوڵتان مەحمودی کوڕی محمد مەلیکشا و لەبارەیەوە وتوویەتی: "ئەو لە سروشتدا نەرم و نیان بوو، قسەی شیرین بوو، قسەکردنێکی سازگاری هەبوو، تێگەیشتنێکی فراوانی هەبوو.[٨٥]

**تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵ و زێدەڕۆیی مێژوونووسان لە بارەی مێژووی سەلجوقیان**

**١- ڕۆڵی مێژوونووسان لە بەشداریکردن لە بۆنە تایبەتیەکانیان:**

مێژوونووسان لایەنێکی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیریی دانیشتنەکانی سوڵتانەکانی سەلجوقییان پێکهێناوە، هەرچەندە ئامادەبوونیان لە دانیشتنەکانی سوڵتانەکانی سەلجوقی بەقەدەر ئامادەبوونی وەزیرەکان و فەقێیەکان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هاوەڵایەتی سوڵتانەکان هەبووە، دەبینین سوڵتان ئەرسلان شای کوڕی توغرولی دووەم، بازنەی گەورەی کۆبوونەوەی ئەنجامدەدا، کە خەڵکێکی زۆر بەشدارییان تێدا دەکرد، لە خزمەتکار و میرەکان. هەروەها مێژوونووس الحسینی بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا کردووە.[٨٦] جگە لەمەش سوڵتانەکانی سەلجوقی لەگەڵ خەڵک دادەنیشتن و نانیان دەخوارد. سوڵتان توغرول بەگ حەزی لە ئامادەکردنی خواردنی باش بوو لە کاتی ژەمەکاندا و خواردنی پێویست و جۆراوجۆری بۆ هەمووان داوا دەکرد، بە تایبەت لە وەرزی ڕاوکردندا. وەزیر ومێژوونووس نیزامولمەلیک لەم ژەمە خواردنانەدا لەگەڵ سوڵتان بوو "يعبرون اهتماما كبيرا لاعداد الخوان في الصباح الباكر..كان السلطان طغرل يحرص على اعداد الخوان جيدا، ويأمر بتهيئة ضروب الطعام المختلفةعلى اكمل الوجه".. لە بەیانیانی زوودا گرنگی زۆریان بە ئامادەکردنی خواردن دەدا.. سوڵتان توغرول پەرۆش بوو ئامادەکردنی خواردنەکە بە باشی، فەرمانی دا کە جۆرە جیاوازەکانی خواردن بە باشترین شێوە ئامادە بکرێن.[٨٧]
مێژوونووسان ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرەخۆشیەکاندا بینی. مێژوونووس نیزامولمەلیک خۆی لە بری سوڵتان لە پرسە دانیشتووە بۆ بەخێرهاتنی خەڵک و پرسەو سەرەخۆشی. مێژوونووس الذهبي دەڵێت:" عصى على ابن عمه ألب آرسلان، ثم عملا المصاف .... فَلَمَّا رَآهُ ألب آرسلاَن حزن وَبَكَى عَلَيْهِ وَجَلَسَ للعزاء فعزاه وزيره نظام الملك".[٨٨]

**٢- زێدەڕۆیی لە بارەی سوڵتانەکانی سەلجوقی:**


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سروشتییە کە مێژوونووسان ئەوانەی کە لە دەرباری سەلجوقیەکان کاریان دەکرد، یان ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان دەکرد هەندێک گێڕانەوەیەکیان خستۆتە کە مەیلی ڕازاندنەوەی وێنای سوڵتانەکانیان هەبووە، زۆرجار مێژوونووسانی دەربار لە وەسفی سوڵتانەکانی سەلجوقیدا زێدەڕۆییان کردووە. زێدەڕۆیکردنی مێژوونووسان لە وەسفکردنی سوڵتانەکاندا، خۆی لە پێدانی نازناوی دەبینیەوە، لەگەڵ وێناکردنی دەسەڵاتەکەیان لە دەرەوەی واقیعی مێژوویی.

هەروەک دەبینین کە نازناوی سوڵتان نازناوێکی نوێ بوو لە دەوڵەتی سەلجوقیدا. هەرچەندە سوڵتان مەحمودی غەزنەوی (٣٨٠-٤٢١ک/٩٩٧-١٠٣٠ز) یەکەم کەس بوو لە جیهانی ئیسلامیدا نازناوی سوڵتانی بەکارهێنا، بەڵام بە سوڵتانی گەورە ناوی لێنرا. [٨٩]

هەروەها لە زێدەڕۆییەکی دیکەدا مێژوونووس الحسینی ناوی سوڵتانەکانی سەلجوقی دەهێنێت بە (أمير المؤمنين) [٩٠] لە کاتێکدا لە سەرجەم سەرچاوەکاندا ئەم نازناوە تەرخانکراوە بۆ خەلیفەکانی موسڵمانان تاوەکو کۆتا خەلیفەی عەباسی.

هەروەها مێژوونووس الحسینی دەڵێت: "(سلطان الأعظم جلال الدولة ملكشاه..) سوڵتانی گەورە جەلال الدولة ئەبو الفتح ملكشاه بن ئەلپ ئەرسلان بن داود بن میکایل بن سەلجوق" [٩١]و نازناوی "ئەبو المظفر برکیاروق، نازناوی ڕوکن الدین، کوڕی سوڵتان مالیک شا... نازناوی شهاب الدواله مجد الملک" بۆ سوڵتان برکیاروق هاتووە [٩٢] ، هەروەها بۆ هەموو سوڵتانەکانی دیکەی سەلجوقی هەمان حاڵەت بووە لەلای زۆربەی مێژوونوسەکانی دیکە.

لە زێدەڕۆیکردنێکی تردا بۆمان روون دەبێتەوە کە لە دوای کوژرانی سوڵتان ئەلب ئەرسلان لە ساڵی ٤٦٥ک/١٠٧٢ز، مەراسیمێکی گەورەی ماتەمینی لەلایەن خەڵکی بەغداوە سازکرا ، هەموو بازاڕەکانیش داخران. خەلیفە زۆر دڵتەنگ بوو، کچ و ژنەکەی سوڵتان جلی ماتەمینیان لەبەر بوو لێرەدا مێژوونووس ئیسفەهانی دەڵێت: " ....في أكثر من مائتى الف فارس ومد على جيحون "بە زیاتر لە دوو سەد هەزار سوار و هێزێک لەسەر جیحون. [٩٣] پێدەچێت دوو سەد هەزار سوار ڕێژەیەکی زۆر بێت بۆ ئەم بۆنەیە.

سوڵتان مەلیک شا چوار هەزار مامزی ڕاو کردووە و لە قۆچەکانیان منارەیەکی دروست کردووە [٩٤]"سوڵتان لە یەک ڕۆژدا توانی حەفتا مامز ڕاو بکات و بەگشتی بۆ هەر ئاژەڵێک کە ڕاوی دەکرد بە دینارێکی مەغریبی خێری بە هەژاران و دەروێشەکان دەکرد." [٩٥] ئەم ژمارەیە ڕێژەیەکی زۆرە، کتێبی (راحة الصدور) وەسفی وردی سوڵتان و وەزیرەکانی سەلجوقی تێدایە، لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسەر لە بابەتی جیادا دەستی خستۆتە سەر هەندێک بابەت[٩٦] لێرەوە دەتوانین هەوڵی سەلجوقییەکان ببینین، بەتایبەتی دوای چوونە ناو عێراق و بەرگریکردنیان لە فیکری مەزهەبی سوننە، بۆ پشتگیریکردنی مێژوونووسان کە هاوتەریب بوون لەگەڵ ئاراستە

فیکری و ئایینییەکانیان، کە کاریگەری لەسەر کوالیتی ئەو کتێبانە هەبوو کە لەو سەردەمەدا نووسراون.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێک:.

١- مێژوونووسان لەلای سوڵتانەکانی سەلجوقیدا پێگە و گرنگییەکی بەرچاویان هەبووە.

٢- سوڵتانەکانی سەلجوقی ڕێزیان لە مێژوونووسان دەگرت و لە خۆیانیان نزیک دەکردنەوە و داوای ئامۆژگارییان لێدەکرد.

٣-بەشێک لە مێژوونووسانی سەردەمی دەوڵەتی سەلجوقی لەو کاتەدا بەشێک لە شێوازی میتۆدی ڕاگەیاندنی بوون. زیاتر لەوەی کە گێڕانەوەی مێژوویی بێت.

٤- گرنگی پێدانەدانی سوڵتانەکانی سەلجوقی بە مێژووی گشتی، ئەمەش بەهۆی لاوازی ڕۆڵی گەلی تورک لە پاشخانە مێژووییەکانی ناوچەکە.

٥- دەوڵەتی سەلجوقی ژیانێکی سەرەتایی و کۆچەرییان هەبوو ژیانی میرنشینایەتی تیایاندا ڕەنگی دابۆوە. هەروەها لەیەک شاردا جێگیر نەبوون.

٦- نووسینی مێژوونووسان و بەرهەمە مێژووییەکان لەم قۆناغەی مێژووی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە تێگەیشتن لە مێژووی سەلجوقییەکان. ئەوان توانیان ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە تۆمار بکەن، بەبێ ئەو نووسراوانە زۆرێک زانیاری مێژوویی ئەو سەردەمەمان نەدەزانی.

٧- زۆرێک لە مێژوونووسان بەرهەمی مێژووییان داناوە کە مێژووی ڕووداوەکانی دەوڵەتی سەلجوقیان لە عێراقدا نووسیووە، بەشداران لە گەیاندنی وێنەیەک لە حوکمڕانی و دەستکەوتەکانیان بۆ نەوەکانی دواتر.

---

(١) زناتي، أنور محمود، علم التاريخ واتجاهات تفسيره .(مكتبة الأنجلو المصرية،٢٠٠٧)، ص٣٧.

(٢) عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠١٩) ، لا٨٤-٨٦.

(٣) موفید ئەلزەیدی، سەرەتایەک لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێرانی: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چاپی یەکەم، (هەولێر،٢٠١٥)، لا٤٧.

(٤) ئەحمەد، سامان حوسێن، میتۆدو لێکۆڵینەوە- هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چ١، (تاران،٢٠٢٠)، لا٧٣.

(٥) حەمەتاڵ، ئاریان ئومێد، ئەرکی مێژوونووس و بایەخی مێژوو،(ب.ش)، ٢٠٢٤، لا١٥. غەریب، دیار، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چ١، (ئازادی، ٢٠١٦)، لا٤٣.

(٦) پیربال، تابان صباح،زێدەڕویی لە دەقە مێژووییەکانی دەوڵەتی ئومەوی،چ١،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر:٢٠٢٤،لا٣٣.

(٧) آئینەوند، صادق، مقدم، ندا کلیناي، خصائص تدوين التاريخ في عهد السلاجقة، مجلة العلوم الإنسانية، العدد (١٤) (٤)، ص٢

(٨) هەریەک لە سوڵتانەکان توغرل بەگ و ئەلب ئەرسەلان و سوڵتان مەلکشا دەگرێتەوە، سوڵتان مەلکشا بە دوایین سوڵتانی بەهێزی سەلجوقی دادەنرێت، بە مردنی ئەو دەوڵەتی سەلجوقی یەکگرتوویی خۆی لەدەستدا و سەردەمی سەلجوقی گەورە کۆتایی هات. حاتم فهد هنو الطائي، نماذج من مسكوكات ملكشاه في المشرق الإسلامي (٤٦٥-٤٨٥هـ/١٠٧٣-١٠٩٣م)، مجلة الملوية للدراسات الآثارية والتاريخية، مج٤، العدد١٠، (٢٠١٧)، ص٣٠٣. محمدعبدالعظيم أبو النصر، السلاجقة تاريخهم السياسي والعسكري، ط١، عين للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية، (٢٠٠١)، ص١١١.

(9) Cahen, The Historiography of the Selijuqid Period, Historians of the Middle East, ed Bernard Lewis and P.M. Holt, London etc, 1962, p60.

